# تەندروستیی خۆت بەو تاقیگە گەڕۆکە بسپێرە




زۆر جار ئاماژەم بەوە کردووە کە ڕۆژێك دادێت هیچ ســنوورێك لە نێوان خەیاڵ و واقیعییەت لە تەکنەلۆژیای سەردەمدا نامێنێت، بۆ نموونە پێویســت ناکات بۆ زانینی تەندروستیت سەردانی نەخۆشخانە یان تاقیگەی تەندروســتی بکەیت، هەر لە ماڵەوە بەهۆی ئامێرێکی دیجیتالی گشت هێماکانی تایبەت بە نەخۆشی و تەندروستیت دەزانیت.

گەجێت یان ئامێری تەکنەلۆژی دیجیتالی (ســکانۆ سکات) یەکێکە لەو ئامێرانە کە تەنیا لە ماوەی دە چرکە گشــت هێماکانی تەندروســتی وەك، لێدانی دڵ، تای لەش، ڕێژەی ئۆکســیژێن لە خوێندا، لێدانی هەناســە، زەخت، سترێس و...تاد نیشــان دەدات. ئامێرەکە تا دە خولەك لەسەر ناوچەوانی بەکارهێنەرەکە دادەنرێت و پاش ئەوەی کە هەستەوەرەکانی و کامێرای ئامێرەکە نەخۆشــەکەی سکان کرد، زانیارییە پێویستییەکان بە سیستەمی وایەرلەیس واتە بلوتوس بۆ مۆبایلێکی هۆشــمەند بــەڕێ دەکات. ئامێرەکە داتاکان لەخۆیدا خەزن دەکات هەتا نەخۆشەکە گۆڕانکاری لە هێماکانی تەندروستی خۆیدا بزانێت.

ئامێرەکە بەهۆی کارەباوە شەحن دەبێتەوە گەر شەحنیش بۆوە هەتا هەفتەیەك شەحنەکەی دانابەزێت.

## مۆبایلێکی هۆشمەندیی ژنان



مۆبایلە هۆشمەندەکان وردە وردە شــوێنی لاپتــۆپ و تەبلێــت دەگرنــەوە، چونکە کێش و قەوارەیان بچووکە و زۆربەی ئەرکی تەبلێت و مۆبایل ئەنجــام دەدەن و ســەرەڕای چەندین ئەرکی دیکەش،کۆمپانیــای لینوڤۆ (lenovo) لــەم چەنــد ڕۆژەدا نوێتریــن مۆبایلــی هۆشــمەندیی خۆی بەناوی S820 خستە بازاڕەوە، مۆبایلە هۆشــمەندەکە کە ستایل و ڕەنگەکانی جێگای سەرنجن تایبەتن بە خانمان، لەگەڵ ئەوەشــدا دوو ســیمکارت دەخوێنێتــەوە. هاندەکە سیســتەمی ئەندرۆیــدی لەســەرە و کامێرای S820 کامێــرای پێشــەوەی 2 میگاپیکسلە و کامێرای پشتەوەشی 13 میگاپیکســلە و ڕامەکــەی یــەك گیگایە و هــاردی ناوخۆی 4 گیگابایتــە و دەکرێت میمۆری 32 گیگابایتیشــی بــۆ دابندرێت. لە گشت سیستەمەکانی وایەرلەیس پشیتوانی دەکات.

## جەرەسی ئایفۆن لە دیجیتاڵەوە بۆ کلاسیك




ئایفۆن نوێترین و پێشکەوتووترین مۆبایلی هۆشمەندە، سەدان ئامرازی لاوەکی بۆ ئایفۆن بەرهەم هێندراون، زەنگوڵەی iBell Mini تەنیا ئامێرێکی سەرنجراکێشە کە ئایفۆنەکە بۆ سەردەمی سەدان ساڵە دەگێڕێتەوە ئەوکاتەی کە کاتژمێری جەرەسدار لەسەر تاقچەی دیوارەکاندا دەبیندران. هەرچەنـــدە ئامێرەکە هیچ ســوودێکی ئەوتۆی نییـــە جگە لەوەی کە ئامێرێکی فانتزی و ڕۆمانسییە و بیرهێنەرەوەی سەردەمی کۆنە، چونکە نەك ئایفۆن مۆبایلێکی زۆر ئاسـایش جەرەســی هۆشیارکردنەوەی تێدایە، کەسێکیش بە جەرەسی ناو مۆبایلەکە لەخەو ڕانەبێ، بێگومان نەك بەو زەنگوڵە بـــە دەنگی تۆپیش بەخەبەر نایەت. ئامێری ناوبراو زیاتر لەگەڵ ئایفۆنی 4 دەگونجێت.

# دەفتەری یادداشتی دیجیتاڵی

سەردەمێك نوتی بووك یان ئەوەی لەلای خۆمان پێی دەڵێن دەفتەری یادداشتی رۆژانە، گەلێك باوبوو، کەم کەس هەبوو دەفتەرێکی بچووکی لە گیرفاندا نەبێت و گەر بۆ نووسینی یادداشتیشی نەبێت لانی کەم پێداویستییەکانی رۆژانەی تێدا دەنووسی، یان لەکاتی کۆبوونەوەکاندا ناوەرۆکی کۆبوونەوەکانی تێدا یادداشت دەکرد. ئێستا دەفتەری یادداشتیش بەرەو دیجیتالی چووە و کۆمپانیای سۆنی یەکەمین دەفتەری یادداشتی دیجیتالی بەرهەم هێناوە کە پێکهاتووە لە شاشەیەکی 13.3 ئینجی. ئەم دەفتەرە دیجیتالییە جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ کتێبی دیجیتالی کە بە E-READER ناسراوە. جیاوازییەکە لە چەند لایەنەکەیەوە، یەکەمین شاشەی کتێبی دیجیتالی کیندڵ تەنیا شەش ئینجە، بەڵام دەفتەری یادداشتی سۆنی بەقەد لاپەڕەیەکی A4 دەبێت. جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە کە بەهۆی پێنووسێکی تایبەتەوە دەکرێت یادداشتی تایبەتی خۆت لەسەر ئەم دەفتەرە بنووسی، هەروەها شاشەکەی لە شووشە دروستنەکراوەو بەڵکو لە پلاستیك بەرهەم هاتووە بۆ ئەوەی کە هەم کێشی ئامێرەکە کەم بێت و هەم لەکاتی نووسینیشدا تیشك نەداتەوە. حیبیری ئەلکترۆنی دەفتەرەکە لە جۆری E-INK کە لە نووسیندا زۆر رەوانە.

## بسورێنە و مۆبایلەکە شەحنکەوە



گەلێك جاران لە شوێنێکی دوورە دەستی کە هیچ وزەیەکی کارەبای لێ نییە و شەحنی مۆبایلەکەشت لە دابەزینە، یان شەحنی کامێراکەت بەرەو تەواو بوون دەچێت، خۆزگە دەخوازی یان باترییەکی زیادیت پێدەبوو یان کەرەسەیەك هەبا بەبێ کارەبا مۆبایلەکەی شەحن کردباوە، ڤۆڵت مەیکەر ئەم ئامرازەیە کە ئاواتی بۆ دەخوازی. کێشی ڤۆڵت مەیکەر 300 گرامە و درێژایەکەی 15 سمە. خودی ڤۆڵت مەیکەریش شەحن دەکرێتەوە، لەسەرەتادا بەر لەگەشتەکەت ڤۆڵت مەیکەرەکە شەحن بکەوە، ئەوکاتەی شەحنی مۆبایلەکەت نەما دەکرێت بەهۆی ئەوەوە شەحنی بکەیەوە، بەڵام گەر شەحنی ڤۆڵت مەیکەریش بڕا چ دەکرێت، تەنیا بە سووڕاندن دەکرێت مۆبایلەکە شەحن بکەیەوە، گەر دوو خولەك بیسوڕێنی 7 خولەك مۆبایلەکەت شەحن دەبێتەوە. ئامێرەکە چەندین خەڵاتی لەلایەن وزەی نوێ و تەکنەلۆژیای دیجیتالی وەرگرتووە. لەگەڵ ڤۆڵت مەیکەر چرا لایتێکیش هەیە کە دەکرێت لەکاتی پێویستدا هەر بە هۆی ئەو ئامێرەوە شەحن بکرێتەوە.

## ئۆتۆمبێلی منداڵانەش دەفڕێت



ماوەیەك لەمەوبەر باسی داهێنانی ئۆتۆمبێلێکمان کردبوو کە وەك فڕۆکە دەفڕێت و قۆناغی تاقیکردنەوەی دەرباز کردووە، قوتابییەکی دکتۆرا ویستوویەتی لە سایزێکی بچووکتردا واتە سایزی ئۆتۆمبێلی منداڵانە ئۆتۆمبێل فڕۆکە بەرهەم بێنێت و هەربۆیە لە هەوڵدانێکدا فڕۆکەی جۆری B بەرهەم هێناوە.

ئۆتۆمبێلە فڕۆکەکە دەتوانێت بۆ ماوەی 15 خولەك بە ئاسماندا بفڕێت و بە کامێرا HD کەیەوە فیلم هەڵبگرێتەوە. ئەو ماددەیەی کە فڕۆکەکەی لێوە پێکهاتووە لە جۆری پلی کەربۆناتە و واتە پلاستیکی پتەو کە گەر بشکەوێتە خوارەوە هیچی لێنایەت.


## زانیارییەکی نوێ لە



ئــەو پرۆگرامانەی کە ئەرکیان کردنەوەو دۆزینەوەی ســایتەکانە کە بە پرۆگرامی browser ناسراون گەلێك گرنگن، هەرچەندە بەکارهێنەر بەپێی حەزی خۆی یەکێك لە پرۆگرامەکان بۆخۆی هەڵدەبژێرێت، هەتا ساڵانێکی زۆر تەنیا لە internet explorer سوود وەردەگیرا، بەڵام دواتر فایرفۆکس و ئۆپێرا و لەم دواییشەدا گوگڵ کرۆم



## سایتێک بۆ فێرکاری ئۆنلاین



بۆ فێربوون هیچ کات درەنگ نییە و هیچ شــوێنێکیش گرنگ نییە چ لە ماڵــەوە بێت یان لــە زانکۆ یا لە جیهانی مەجازی وەك ئینتەرنێت. گەر تۆش یەکێکی لەوانە حەز دەکەیت لەو زانیارییانەی لــە زانکۆکانی جیهاندا دەخوێنرێــن ســوود وەربگریت، دەکرێ سەر لە ســایتی www.edx.org بدەیــت ســایتێکە لەلایــەن زانکۆی هــارڤارد و ئەنســتیتۆی تکنەلۆژی ماساچوســت دانراوە. لە سایتەکەدا خولی فێربوونــی ئۆنلاین بە خۆڕایی لەلایەن زانکۆکانەوە پێشکەش دەکرێت. ســایتەکە بۆ گشــت تەمەنێکە و بۆ خەڵکی سەرانسەری جیهانە. دروشمی سایتەکە ئەوەیە "داهاتووی خوێندنی ئۆنلاین بۆ هەمووان، لە هەر شوێنێك و لە هەر کاتێکدا".

بەشــێك لە خولــەکان بریتین لە، رای نوێ ســەبارەت بە دادپەروەری، چۆنییەتی ســەرژمێری، زانســتی تایبــەت بە فێربوونــی کۆمپیوتەر و هۆشی دەستکرد..تاد.

## سەڵەی زبڵیش ئیمێڵ بەڕێ دەکات




تەکنەلۆژیای دیجیتالیش هەموو شــوێنێك و گشــت ئامێرێکی گرتۆتەوە، تەنانەت ســەڵەی زبڵیش کە کەم کەس بیر لەوە دەکاتەوە رۆژێك ســەڵەی زبڵ سیســتەمی ئەنتەرنێتی هەبێت و یان سیمکارتی لەسەر بێت و کورتەپەیام بەڕێ بکات.

لە نوێترین تەکنەلۆژیادا لە بەریتانیا جۆرە ســەڵەیەکی زبڵ دروستکراوە کە بە تیشکی خۆر کار دەکات و تەنانەت قەوارەکەی 8 جار گەورەترە لە قەوارەی سەڵەی زبڵێکی ئاسایی.

ئەم ســەڵە زبڵە کاتێك کــە 85% پڕ بوو، ئیمێلێك بۆ کرێکارانی شــارەوانی و بەرپرسانی بواری خاوێنکردنەوەی شار دەنێرێت و ئاگاداریان دەکاتەوە کە دەبێت بەتاڵ بکرێتەوە. هەرچەندە ئێســتاکە ســەڵە زبڵەکە نەبۆتە گشتگیر و تەنیا لە پارکی گرین ئەندرود لە کەمبریج دانراوە. هەرچەندە پێشــووتر ســەڵەی زبــڵ بەرهەم هاتبوو کە سیمکارتی دەچێتە سەر و لەکاتی پڕ بوونی کورتەپەیامێك بۆ بەرپرسانی پاکژکردنەوەی شار دەنێرێت، بەڵام ئەوە یەکەمجارە سەڵەیەك بەرهەم بێت کە بە ئینتەرنێت پەیوەند بدرێت و ئیمێل بەڕێ بکات.

## کۆمپیوتەرێک بە

کۆمپانیای BMW کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیا بەناوبانگەکانــی بەرهەمهێنانــی ئۆتۆمبێــل، پێدەچێت بازنەی بەرهەمهێنانەکەی فراوانتر بکات بۆیە پێشــووتر باســی داهێنانی پایســکیلی دیجیتالــی کۆمپانیای ناوبراومان کردبوو، لەم دواییەشدا بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای ناوبراو کۆمپیوتەرێکی زۆر خێرایان بۆ ئەنجامدانی یاریی ئەلکترۆنی بەرهەم هێناوە.

ئامانــج لە بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری تایبەت بە گەیم لەلایەن کۆمپانیای BMW,وە ئەوەیە کە یەکێك لە بەرپرسانی کۆمپانیا دەڵێت "گەمەکەر و شۆفێرەکان خاڵێکی هاوبەشیان هەیە هەردوویان بە دوای خێرایــی زیاتردان ئەوە جیاوازی نییە لە پشــت ئۆتۆمبێل بن یان پشت کۆمپیوتەر". بەر لە

# بارەی فایەرفۆکسەوە

شوێنی ئینتەرنێت ئیسکپلۆرێریان لەق کرد.

فایرفۆکس واتە (رێویـــە ئاگرینەکە) کە یەکێکە لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەوبوارە ماوە ماوە ڤێرژنی نوێـــی دەخاتە بـــازارەوە، لە ڤێرژنی 11 بۆ ســـەرێ توانایەکـــی نوێ لە فایرفۆکســـدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەکرێت بەشێوەی سێ رەهەندی واتە 3D سایتەکان ببینیت.

پاش ئەو ســـایتەی مەبەســـتتە دوگمەکانی ctrl+shift+I پێکەوە دادەگریت، پاشان لە خوارەوە فەرمانـــی 3D کلیك دەکـــەی ئەوکاتە لاپەڕەکە دەبێت بە سێ رەهەندی بە ماوسەکە بۆ هەرلایەك مەبەستتە دەیسوڕێنیت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرســـێت جیاوازی نێوان HD و Full HD لە چیدایە؟

خوێنەری بەڕێز بۆ ناســـینی ئەم دەســـتەواژانە کـــە تایبەتن بە چۆنییەتی نیشـــاندانی وێنە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن سەرەتا دەبێت بـــۆ دواوە بگەڕێینەوە، گەر لەبیـــرت بێت تەلەڤزیۆنەکانـــی دەیـــەی رابـــردوو ئەوکات کە شـــوێنیان بـــە تەلەڤزیۆنی جۆری LCD و LED نەدابـــوو، سیســـتەمی "پال و ســـێکام" هەبوو لـــە تەلەڤزیۆنە کۆنەکاندا سیستەمی نیشاندان بە کوالیتی 420 پیکسل لە ئینجێکدا نیشان دەدران کەچی لە تەلەڤزیۆنی HD دا 1280 پیکســـل لە ئینجێکدا و لە تەلەڤزیۆنـــی Full HD دا 1920 پیکسل لە ئینجێکدا نیشان دەدرێـــن، جیاوازییەکـــە هەر لە کوالیتی نیشاندانەکە دا هەیە.

# چاوخشاندنێک بە مەزەلبۆردە نوێیەکەی گیگابایت




مەزەلبـــۆرد هەرچەندە ئەم وشـــەیە بە هەڵە بەکاردێت و لە راســـتیدا «مازەر بۆرد»ە، گرنگترین پارچەی کۆمپیوتەرە، چونکە بە مانای بنەمای گشت پارچەکانی دیکـــە دێت، هەموو پارچەکانی دیکە وەك کارتی گرافیکی، کارتی دەنگ، رام، پرۆسیسەر، پاوەر..تاد بە مازەربۆردەوە پەیوەند دەدرێن. کۆمپانیای گیگابایت یەکێکە لە بەرهەمهێنە ناسراوەکانی بەرهەم هێنانی پارچەی مازەربـــۆرد، نوێترین مازەربۆردی کۆمپانیا جۆری GA-X 79 S-UP 5 WiFiکە دەکرێت بڵێین لە ریزی باشـــترین مازەربۆردەکان دێت، مازەربۆردەکە جێگای 8 پرۆسیســـەری هەیـــە، هەرچەندە توانای هەیە 16یشـــی بۆ دابنرێت. مازەربۆردی ناوبراو بۆ کاری گرافیکی زۆر قورس بەکار دێت هەربۆیە شـــوێنی دانانی چـــوار کارتی گرافیکی هەیە لـــە یەك کاتدا دەکرێت چـــوار مۆنیتۆری بۆ دابندرێت. شـــوێنی دانانی هەشـــت رامی هەیە. جگە لەوەش شوێنی دانانی کارتێکی وایەرلەیسی هەیە کە گشت سیستەمەکانی وایەرلەیس لەخۆیدا کۆدەکاتەوە.

# خێرایی بروسک



داهێنانی ئەو کۆمپیوتەرە پێشـــووتریش کۆمپانیای ناوبراو کۆمپیوتەرێکـــی دیکە هەروەها ماوســـێکی زۆر تایبەتی بەرهەم هێنابوو.

کۆمپیوتەرە نوێیەکە ستایلەکەی ئەوەندە جێگای سەرنجە کە بەهۆی ئەوەی کە لە بۆکسێکی جامدایە ئەو کردارانەی لە کۆمپیوتەردا روو دەدەن دەیان بینێت.